SORANI

# چۆنێتی جیاکردنەوەی خاشاکەکەت


شارەوانی ساندفیۆرد

SANDEFJORD KOMMUNE

## کاغەز و مقەبا

**چی بکەین:**
دەبێت کاغەز و مقەبا بخرێتە نێو بەرمیلی خاشاکی سەرقاپ شین/دۆلابی بەرهەمهێنانەوە. ئەگەر کاغەزی زۆرت هەن، دەتوانیت داوای بەرمیلێکی گەورەتر بکەیت کە بە خۆڕاییە.





کاغەز و مقەبا هەموو 4 هەفتە جارێک کۆدەکرێتەوە

## پێچراوەی پلاستیکی

**چی بکەین:**
هەر بابەتێکی پلاستیکی کە خواردن، خواردنەوەکان یان هەر شمەکێکی ناوماڵی تێدا هەڵگیرابێت دەبێت بە ئاوی سارد بشۆرێت بۆ لێکردنەوەی پاشماوەی هەر خۆراکێک پێوەی. ئاوەکە بشڵەقێنە و بابەتە پلاستیکەکە بخەرە ناو کیسەی پلاستیکیەوە یان لە کیسەیەکی هەڵگردا کۆی بکەرەوە. دەبێت بە باشی دەمەکەی ببەسترێت پێش ئەوەی بخرێتە نێو بەرمیلی خاشاکی سەرقاپ خۆڵەمێشی.





پێچراوەی شوشە و کانزایی 4 هەفتە جارێک کۆدەکرێتەوە

**کیسەی نوێت پێویستە؟**
کیسێکی بەتاڵی خاشاک بە یەکێک لە بەرمیلەکانەوە ببەستە و کۆکەرەوەی رەتکراوە کیسەی نوێت بۆ بەجێ دەهێڵێت.

## خاشاکی خۆراکی

**چی بکەین:**
دەبێت خاشاکی خۆراکی بکرێتە نێو ئەو کیسەی خاشاکی خۆراکیانەوە کە پێت دراوە. کیسەکان ببەستە و بیانخەرە نێو بەرمیلی خاشاکی سەرقاپ قاوەیی.





تێبینی: دەبێت زەیتی چێشت لێنان وەک خاشاکێکی مەترسیدار لە بوتڵ و تەنەکەکاندا لە وێستگەیەکی ژینگەیی یان وێستگەی بەرهەمهێناندا بەجێ بهێڵرێت.





خاشاکی خواردەمەنی هەموو هەفتەیەک کۆدەکرێتەوە

**پێویستت بە کیسی خاشاکی خۆراکی نوێیە؟**
کیسێکی بەتاڵی خاشاکی خۆراکی بە یەکێک لە بەرمیلی خاشاکەکانەوە ببەستە و کۆکەرەوەی رەتکراوە کیسەی نوێت بۆ بەجێ دەهێڵێت.

## بۆچی دەبێت خاشاک جیابکەینەوە؟

دەبێت هەموو جۆرێکی خاشاکێک جیابکرێتەوە؛ ئەمە بە هەمان شێوە لە بەرژەوەندی خەڵک و ژینگەشە. جیاکردنەوەی خاشاک بەو مانایە دێت کە بە باشترین رێگای گونجاو بەرهەم بهێنرێتەوە - و دەکرێت بۆ نمونە بەرهەمی نوێی لێ دروست بکرێت. لە هەرێمی وێستفۆڵد، پێویستە لەسەر هەموو کەسێک خاشاک بەگوێرەی رێساکانی کۆکردنەوەی رەتکراوە بۆ شارەوانی تایبەت بە خۆیان جیابکەنەوە..

## پێچراوەی شوشە و کانزایی

**چی بکەین:**
دەبێت ئەو بابەتە شوشە و کانزاییانەی کە خواردن یان خواردنەوە یان بابەتی ناوماڵیان تێدا هەڵدەگیرێت راستەوخۆ بخرێنە نێو بەرمیلی سەرقاپ پرتەقاڵی. ئەگەر سەبەتەیەکی پرتەقاڵی، پێچراوەی شوشە و کانزاییت هەیە، دەبێت راستەوخۆ بخرێنە نێو ئەمەوە. لەبیرت بێت لە رۆژی خاشاک کۆکردنەوەدا لە دەرەوە لەگەڵ حاویەکانی تردا دایبنێیت.





شوشە و کانزاکان هەموو 8 هەفتە جارێک کۆدەکرێنەوە

**تێبینی**: دەبێت پێچراوەی شووشە و کانزاکان راستەوخۆ فڕێ بدرێنە نێو بەرمیلەکەوە؛ نابێت کیسە لەم بەرمیلەدا بەکاربهێنرێت.

## خاشاکی بەجێماو

**چی بکەین:**
خاشاکی بەجێماو - ئەوەی بەجێ دەمێنێت کاتێک خاشاکێکی بەرهەمهێنراوە جیادەکرێتەوە - دەبێت بخرێتە نێو کیسەی هەڵگرتنەوە پێش ئەوەی بخرێتە نێو بەرمیلی سەرقاپ خۆڵەمێشی.







خاشاکی بەجێماو 4 هەفتە جارێک کۆدەکرێتەوە

**خاشاکی بەجێماوت زۆرە؟**
لەم حاڵەتەدا، دەتوانیت کیسەی زیاتر بکڕیت یان داوای بەرمیلی گەورەتر بکەیت بە نرخێکی بەرزتر. بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندیمان پێوە بکە.

vesar
AVFALLSSELSKAPET I VESTFOLD

# خاشاکی کارەبایی و ئەلەکترۆنی

**خاشاکی**

هەر شتێک کە پێویستی بە دەرچەیەکی کارەبایی یان پاتری بێت بۆ کارپێکردنی یاخود دەنگ یان رووناکی دەربکات، دەکرێت یان بە خۆڕایی لە کۆگایەک کە بەرهەمی هاوشێوە دەفرۆشێت یان لە وێستگەیەکی بەرهەمهێنانەوە بەجێ بهێڵرێت.





# خاشاکی مەترسیدار

## پێویستە بگەیەنرێتە وێستگەیەکی ژینگەیی یان وێستگەی بەرهەمهێنانەوە

**چی بکەین:**

دەتوانیت خاشاکی مەترسیدار بە خۆڕایی بگوازیتەوە بۆ وێستگەی بەرهەمهێنانەوە یان بۆ وێستگەیەکی ژینگەیی. دەبێت خاشاکی مەترسیدار بخرێتەوە نێو پێچراوەکەی خۆی، یان بەشێوەیەکی تری پێچانەوە کە نیشانەت کردبێت.





# وێستگەی بەرهەمهێنانەوە

**کێ دەتوانێت وێستگەکە بەکاربێنێت:**

- هەر خاشاکێکی بەجێماو لە ماڵی کەسێک.
- پێویستە خاوەن بزنسەکان خۆیان کۆکردنەوەی خاشاکی بزنسەکەیان رێک بخەن.
- وێستگەی بەرهەمهێنانەوە خزمەتگوزاریەکی خودکارە و پێویستە خاشاکی خۆت لەسەر بنەمای ئەو جۆرانەی لەوێ قەبووڵ دەکرێن جیابکەیتەوە.
- دەبێت خاشاک تەنها بە بەکارهێنانی ئۆتومبێلی نەفەرهەڵگر یان ئۆتومبێلێکی نەفەرهەڵگر کە عەرەبانەی پێوە بێت بگوازرێتەوە. زۆرترین کێشی ئۆتومبێل بریتیە لە ٣،٥٠٠ کگم. نابێت خاشاک بە بەکارهێنانی تراکتۆر یان هەر بارهەڵگرێکی گەورە بگوازرێتەوە.
- دەبێت تۆ پارەی گواستنەوەی هەر خاشاکێکی بەجێماو بدەیت، بۆ نمونە هەر جۆرێکی خاشاک کە لە پلانی بەرهەمهێنانەوەدا نییە.
- پێویستە منداڵی تەمەن خوار ١٦ لەناو ئۆتومبێلەکەدا بمێنێتەوە کاتێک سەردانی وێستگەی بەرهەمهێنانەوە دەکەیت.



دەتوانیت لە وێستگەی بەرهەمهێنانەوە کەلوپەلی گەورەی خراپ بوو بەجێ بهێڵیت، یان ئەو خاشاکانەی کە ناچنە ژێر پلانی کۆکردنەوە وەک کەلوپەلی ناوماڵ، بەفرگرە، ساردکەرەوەی خواردەمەنی، کۆمپیوتەر و خاشاکی باخچە.

**کاتەکانی دەوامی وێستگەی بەرهەمهێنانەوە:**

| | |
|---|---|
| **دووشەممە** | 18:00 - 07:00 |
| **سێ شەممە - هەینی** | 17:00 - 07:00 |
| **شەممە** | 14:00 - 09:00 |

**وێستگەی بەرهەمهێنانەوەی کاستێت**
20 Djupsundveien
Sandefjord 3236
الهاتف: +47 33 46 18 00


**(لە ناوەندی ساندفیۆردەوە**
**پەیڕەوی نیشانەکان بکە بەرەو ئۆستێرۆیا).**

# وێستگە ژینگەییەکان

ئەمە ئەو شوێنانەیە کە دەبێت خاشاکی مەترسیداری لێ بەجێ بهێڵرێت. ئەم وێستگانە دەکەونە نزیک وێستگەکانی سوتەمەنی یان کۆگاکان.

ئەمانە بە کلیل قوفڵ دەدرێن، کە دەتوانیت لە نزیکترین وێستگەی سوتەمەنی، نوسینگەی پۆستە، یان کۆگایەک وەری بگریت.

بڕوانە رۆژمێری جیاکردنەوە یان www.vesar.no بۆ دۆزینەوەی نزیکترین وێستگەی ژینگەیی.



# پۆشاک و قوماش

دەبێت پۆشاک و قوماشی خاوێن و وشک بپێچرێنە نێو کیسەی داخراو یان کیسەی پێچراوەی فشەڵەوە. دەبێت لەنێو بانکەکانی پۆشاک لە ناوچەکەتدا، یان لە یەکێک لە وێستگەکانی بەرهەمهێنانەوەدا هەڵبگیرێت. تۆ دەتوانیت هەموو جلوبەرگ و پۆشاکێک لێرە هەڵگریت، بەبێ گوێدانە کواڵیتی: تەنانەت دەشێت کەلوپەلە لەبەرکراو یان بێ کەڵکەکانیش لێرە بەجێ بهێڵرێن.

## هیچ پرسیارێکت هەیە؟ پەیوەندیمان پێوە بکە:

**SANDEFJORD KOMMUNE**
تەلەفۆن: +47 33 41 60 00
miljoplan@sandefjord.kommune.no
www.sandefjord.kommune.no

SANDEFJORD KOMMUNE

vesar
AVFALLSSELSKAPET I VESTFOLD